کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-7-2007 19:19

Khalidabdula2000@yahoo. com

## موچە کەمەکان سەرچاوەی هەڵاوسان نین.... .... .... خالد گراوی



لە سەردەمی دوو ئیدارەیی حیزبەکان، هەوڵیان دەدا زۆرترین ئەندام و لایەنگر لە دەوری حیزبەکەیان کۆ بکەنەوە، هەر لە بەخشینەوەی پۆست و موچەی بی ناونیشان و ئەیلولانە و پێشمەرگەی شاخ و ژنانی شاخ و تێکۆشەری دێرین و تا دواجار هونەرمەندانی سەردەمی بەعس و قۆناغی دوای ڕاپەڕین و گورانی بێژان و.... . شوکر بۆ خوا، ئەو ڕێزە بە ڕۆژنامەنوسانیش بەخشرا، هەرچەندە لە ئیدارەی سلیمانی موچەی ڕێز لێنان لە ساڵی 1998 وە هەبووە، بەڵام لە ئیدارەی هەولێر دوای قۆناغی ئازادی عێراق سەری هەڵدا، ئەویش بە بڕینەوەی موچەیەك، کە شێوازی دابەش کردنەکەی بەڕاستی لەسەرەتا ڕێز شکاندنیشی تیا بوو، هەرچەندە لەبەر ململانی حیزبی بۆ ڕازی کردنی سەرویان، زۆرترین ناویان کۆکردەوە و، گەندەڵیەکی گەوری تێدا کەڵەکە بوو، لە کۆکردنەوە ناونوس کردنیان، چونکە چاك و خراب پێشمەرگەو جاش، ژنی شاخ و ژنی جوان و... ، نوسەرو جاش نوسەر، ڕۆژنامەنوس و عەریزە نوسی لی بێبەش نەبون.

دیاردەی موچەی بی کار و کەمی پرۆژەی بەرهەمهێنان و بایەخ نەدان بە بوژانەوەی ژێرخانی کوردستان و پەراوێز کردنی لادی نیشینەکان، لەلایەن حکومەت، کۆمەڵگایەکی تەوەزەلی بی بەرهەمی لی کەوتەوە.

ماوەی چەند ساڵێك، گرفتەکە ئەوەندە گەورە نەبو یا درك بەم کارەی حکومەت نەکراوە، لە زیاد کردنی ژمارەی مشەخۆران، تاماوەیەك بەر لەئێستا، پاش یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە، نزیك بونەوەی وادەی دورست کردنی یەك وەزارەتی دارایی، بەتایبەتی پاش ئەوەی شارەزایانی بواری ئابوری بۆیان ڕون بووەوە کە 70% بودجەی وەرگیراو، لە حکومەتی مەرکەزی بۆ موچەیەیە، بڕیاری حکومەت بۆ چاوخشاندنەوە بە کەم کردنەوەی ڕێژەی موچەخۆران، لە یەکەم هەنگاو ڕێز لێنانی هونەرمەند و نوسەر و یاریزان و.... هەمو ئەوانەی گرتەوە کە بە بڕێکی زۆر کەم لە موچە دڵخۆش دەبون.

گەندەڵیەکە کاتێك سەری هەڵدا کە وادەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە نزیك بووەوە و، پاش زانینی ڕێژەی موچە خۆرلە هەر لایەك لاکەی تر هەوڵی دا بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن سود لەو ناهاوسەنگیە وەربگری کە لە ژمارەی فەرمانبەر هەیەتی.

پێشتر ئیدارەی کوردی لە ئەنجام دانی موچەکانی پشت بەستوو بەو برە پارەیەی کە بۆ هەردولا دانرابوو لەگەڵ بڕی داهاتەکانی ناو هەرێم، ئەو داهاتە زۆرانەی ناوخۆ، کە تا ئێستا هەرماوە تەسلیم بە حکومەتی مەرکەزی نەکراوە، ڕۆژانە هەواڵی داواکردنی ئەم داهاتانە لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە دەبیستین.

دەبوایە حکومەت لەڕی وەزارەتەکانی و بە هاوکاری شارەزاو پسپۆرانی بواری ئابوری، پاش لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکە بە وەرگرتنی لایەنە ئیجابیەکانی بڕیاری گونجاوی دەربکردایە، لە پێشدا پێویست بوو ئەو کەسانەی کە لە دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، لەسەر بنەمای ڕازیکردنی کادرو ئەندامانیان بڕیاری دامەزراندنیان بۆ کراوە، قسەیەك بکرابایە، کە بەڕاستی بۆ هاورێك کردنی ڕێژەی موچەخۆرانی هەردوو ئیدارە بەبڕیاری حیزبی بەبی بونی پێویستی فەرمانگەکان ودور لە بنەمای شارەزایی ناونوس کراون، ئەمانە لە دەرهاویشتەی ململانی ی دوو ئیدارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەنجام دراون، پێتان سەیر نەبێت کەهەڵاوسان کاتێك سەری هەڵدا کە بۆ هەر بیرێکی ئاو 10 کەس تەعین کرا، هەر مزگەوتی دەیان خادم و چەندان (موئەزن) چەندان قورئان خوێنی بی دەوامی لی دامەزرا .... .... .

بەرزکردنەوەی موچەی کادیرو ئەندامانی حیزب و کردنەوەی زۆرترین بارەگای لق و مەڵبەند، و کۆمیتەو لە بەرامبەریشدا کردنەوەی دەیان ناوچەو ڕێخراو، کە نەسریەیەکی بی شوماری لی سەرف دەکری، لە بەنزین و کری ی بینا و کری ی خانووی لێپسراوان و کری ی.... . کە لە ژماردن نایەت، کردنەوەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی، هەردوو حیزب لەسەر ئاستی قەزا و دامەزراندنی هەزاران کەسی دەوڵەمەند و کۆنە موستەشار و زۆڵە کورد لە پۆستی بەرز و لێپسراوێتی و بەخشینی داهاتێکی زۆر دابین کردنی چەندان پاسەوان بۆیان، بەو هیوایەی کە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکانی سنورەکانیان بۆ بکەن، کە دەکری ئێمەش وەك وڵاتە پێشکەوتوەکان بۆ سەرجەم کێشەکان پەنا بەرینە بەر ڕێگای یاسایی دادگا لە مامەڵە کردن لەگەڵ دیاردە ژەنگ گرتوە کۆمەڵایەتیەکان.

بۆیە ئەگەر حکومەت بیەوی چارەسەری زۆری موچەخۆر بکات با بوێرانە لە دامەزراوە کانی خۆی دەست پێبکات کە دەروازەی یەکەمی گەندەڵیەکانە، لە موچەی زۆر و موچەخۆری بێکار، وەزارەتی هەڵاوساو و نادیار و بینای وەزاری بەکری گیراو، ڕاوێژکاری بی ئەزمون، بەڕێوەبەری بی فەرمانگە.... .... ... ، وە دەروازەی دوەم و ماڵی دوەمیان کە حیزبە، کادیری زۆر و بی ئاست و بی کارو کە هیچ گەڕەکێکی شار نیە چەندان بارەگای لی نەبێت و زۆربەشیان یا بینای حکومین یا خانویان بۆ بەکری گیراوە بە پارەیەکی زۆر، کادیرەکانیشیان بە فەرمانبەری پلە بەرز نوسراون کەهەندێکیان بڕوانامەکانیان، حیزبەکەشیان تیایدا شەرمەزار دەبێت، بەڵی هەڵاوسانەکە بەبڕیاری خۆیان و لەناو ماڵی خۆیان سەری هەڵداوە، بۆ چاکسازیش، خاڵی یەکەم و هەنگاوی یەکەم لە نوسینگەکانیان، لە ژمارەی حیمایەکانیان، لەمەسروفاتی سەیارەکانیان، لە سەفەر و ئیفادی بەردەوامیان دەست پی بکات، باشترە ئەگەر بڕیارو پێشنیاری ڕاوێژکارو ماستاو چیەکانی دەوروبەریان ڕێگر نەبێت لە بەردەمیاندا.

بی بەرنامەیی لە کردنەوەی چەندان کەناڵی ڕاگەیاندن و دامەزراندنی هەزاران کەس لە حکومەت بە پلەی بەرز و سەرف کردنی داهاتێکی زۆرو زەوەند لە بەرنامەی بی سودی تەرفیهی نمونەی (میڤان شۆ) کە گوایە بۆ هەربەرنامیەك چەند دەفتەر دۆلار بۆ هۆڵەکەی برایم تاتلی ساز و چەندی تریش بۆ مەسروفاتی سەفەری تورکیایە، وە چەندان نمونەی تریش کە لێرە من نامەوی بچمە ناو ناوەڕۆکیان.

بڕینی موچەی ڕێز لێنان بەڕاستی هەڵەیەکە گەر حکومەتە ئەنجامی بدات، کارێکە بەرامبەر چینێکی ڕۆشنبیر، دەکری جارێکی تر سەرجەم چینەکان، پۆلین بکەنەوە لەسەر ئاستی لێوەشاوەیی و ڕابردوو داهێنانیان، سیستەمی موچە دابڕێژێتەوە، وە من دڵنیام ئەگەر قەیرانی ئابووری هەرێم بە بڕینی ڕێز لێنان چارەسەر بێت، هونەرمەندان ونوسەران و سەرجەم ڕۆشنبیران ئامادەن جارێکی تریش لەو بڕە موچەیە چاوپۆشی بکەن کە پارەی جگەرەو کری پاسیان بۆ دەستەبەر ناکات.

باشتر وایە ئەو بڕیارانە سەرچاوەیان لە ناو پەرلەمان بێت، بڕیاری بی دراسە و مەزاجی نەدەین، هەڵەکانی هەردوو حکومەتی پێشوو گەورەن، بە بڕیارێکی سەرپی ی چارەسەر ناکرێن، با لە یەك نزیك کردنەوەی موچەی سەرجەم فەرمانبەران ئامانجی حکومەت بێت و جوتیار هان بدەین بەتەنیا جوتیاری بکات و بازرگان وەزیفە دار نەبێت ومامۆستا موچەی کەم نەبێت پاش دەوام پەنا بۆ کارێکی تر ببات و هەرکەسە کارێك بکات بڕی داهاتەکەی تێری بژێوی ژیانی بکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.